کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:32 24-6-2007

## نوسەر دەبێ دەمودەست پاک وڕاستگۆ بێ. ... شکور حەمەی هەیەر

برادەرێك ئەو بۆ دووجارە لە ماڵپەری کوردستان نێتدا هەرجارەو بەشێوەیەك لە سەرم دەنووسێ بێ ئەوەی هیچ بنەما وڕاستگۆیەکی تێدا بێت، ئەوەی بەلای منەوە سەیرە ئەو برادەرە هەرجارە وبەشێوەیەك بوختان وقسەی نابەجێ ریز دەکات، کەپێموایە تەنها گرفتی ئەو برادەرە ئەوەیە نازانی هیچ تر بنووسی، چونکی کیشە وگرفتی گەورەترهەیە وپێویستی بە قسە ونووسین ورەخنە گرتن هەیە لە پێناوخزمەتکردن وچاککردنەوەوی لەکومەڵگەکەماندابۆیە دەبێت خۆی بەوەانەوە سەرقاڵ بکات، نەك ریزکردنی قسە وقسەلۆك لەسەر من وهەرجار وبەشێوەیەك وبە ئارەزووی خۆی تەشییەکەی بڕێسێت، وەك ئەوەی داوای لێکرابیت کە بەوجۆر قسەبکات، یان وەك ئەوەی ڕق وکینەی تایبەتی خۆی هەبێت ولە ژیانی خۆیدا سەرکەوتوونەبێت وبەمنیشەوە مەست بێت وایە!!چونکە ئەو برادەرە هەرجارە وبەناوێکی خوازیارەوە دەنووسی! ئەگەر خەڵك ڕاستگۆبێت دەبێت بی باکیش بێت! ئەنجا هەموو خەڵك شکوری حەمەی هەیەریش باش دەناسێت، خۆ من گەورە لیپرسراویکی سەربازی نیم تا بەشەق وتێهەڵدان وەڵامت بدەمەوە، یاخود... ، من هەمیشە کابرایەکی سادەو کیان فیداکاریش بوومە لە پێناو خزمەتکردنی کورد بەگشتی وخەڵکی ناوچەکەوکفری بەتایبەت، بەڵام نازانم چون وبەچی شێوەیەك ئەم برادەرە هەرجارە بەشێوەیەك باسمان دەکات ولە قەڵمان دەدات! بەرێز باش بزانە بەپێی کەم ئەزموونێت ودرۆ وبوختانەکانت بۆم دەکەوتووە.. کاك زریانی دوێنی وشاسواری ئەمرۆ تۆ کێتی و بۆچیش دەنووسیت ومەرامەکانیشت چین کاکی ڕۆبۆرت...

تەنها هۆکاریش کە ڕێگرەرە لە بەردەم درکاندانی ناوی تەواوتدا پاراستنی شیرازەی خیزانەکەی تۆیە وهیچی تر، چونکی تۆ وەك ئەو خێزانە هەڵنەکەوتووی! منیش لەمناڵەکانی خۆمان دەترسم نەکا دواجار کێشەکە گەورەتربکەنەوە.. وەك زانراوە هەموو خێزانێك نەفام ونەزانی تێدایە کە پێموایە تۆ یەکێکیان لەوانەی خێزانەکەی خۆتان.

هۆکاری نووسینەکەیشت دەزانم لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، نازانم خەڵك بۆ واڕاهاتوون کە داوایەکی ناڕەوا ونابەجێش بێت ئەگەر بڵێت ناڕەوایە وناکری جێبەجێبکرێت، ڕاستوخۆ دەکەنە وێزەت وبەهەزار ویەك قسەی قۆڕ وناشیاوت دەخەنە پاڵ تەنها لەبەر ئەوەی وتت نا! ئەگەر یەکێك نەمناسی وشارەزانەبێت ڕەنگە بڵێت: ئەم پیاوە خاوەن کام کۆمپانیای وەبەرهەمهێنانی نەوتە؟ یاخود وادەزانێت بەرپرسێکی گەورەی ئەم وڵاتەم وهەزار ویەك بەڵێنم بەم خەڵکەداوە جێبەجێم نەکردووە! و... هتد، ئەنجا سەربارى ئەمەش ناکری هەر جنێونامەیەك هەبێت وبی خوێندنەوە بڵابکرێتەوە، ئەم برادەرە لە هەدوو جنێونامەکەیدا نەك تەنها مافی منی پێشێلکردووە، بگرە مافی کۆمەڵێکی دیکەی خەڵکی ئەم شارەیش پێشێل دەکات! بەڵام چونکی خۆی هەستی نییە، هەر ئاواش بیر لەبەرامبەر دەکاتەوە! ئەمەشیان کاکی کۆڵکە نوسەر، نووسین وانابێت! دەبێت لەنووسیندا ڕەچاوی مافی گشتی ومافی تایبەتی خەڵکیش بکەیت، ئەگەریش تائیستە هەستت پێی نەکردووە ئەوە دەبێت بۆ داهاتوو خۆت چاکبکەیتەوەی ئەگینا تۆش وەك خەڵکانی دیکە دەچیتە ریزی ئەوانەی کە خۆیان وقەڵەمەکانیان فرۆشتووە، دواتریش فرێدەدرێتە نێو زبڵدانی مێژووەوە، ئەوکاتەش پەشیمانبونەوە هیچ داد نادات.. بۆیە تەنها ئەوە دەڵێم ڕاستگۆبە بۆ جارێ تر وداهاتوو.

بەپێویستم زانی بۆ ڕونکردنەوەی زیاتریش ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە کەچەند شتێك لەبارەی خۆمەوە بۆ هەموولایەك ڕونیبکەمەوە وبیخەمە بەردەستی هەموو لاتان:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

* من لە سەرەتای هەشتاكان لە سەر یەكێتی نیشتمانی كوردستان زیندانی كرام ولە ابوغریب بەندكرام وحكومی پانزە ساڵم بۆ بڕایەوە، هەر لەو سەردەمدا برایەكم لە سەر كوردایەتی ویەكێتی لەگەڵ كۆمەڵێكی دیكەدا شەهیدكران ولە سێدارەدران وتەنانەت نەشمان توانی پرسەی بۆ دابنەین خەڵكیش شاریش شاهد حاڵی ئەم ڕاستییەن ئەمە جگە لەخوشكێكیشم لە ڕێگای خزمەكانمانەوە لە دەستی ڕژێمی بەعس دەر بازبوو، نازانم ئیتر خۆفرۆشی لەوكوێدا دەكری!!

*لە دوای ڕاپەرینیشەوە كەم تازۆر پلە وپایەی حیزبی وپیشەی وئیداری و... هتد وەدەست هێناوە و لەمانگی 12 ساڵی 1991وە بەهەڵبژاردن ودەنگی خەڵك بوومە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی كفری، وبۆ ساڵی دواتریش لە هەڵبژاردنەكاندا جارێكی تر دەرچوومەوە بوم بەسەرۆكی شارەوانی ئەم جارەیان.

* لە گەڵ دامەزراندنی حكومەتی هەرێمیشدا بوومە ئەفسەری ئاسایش لە كفری ودواتریش لە سەر بریاری یەكێتی وریكخستنەكانی گەڕامەوە بۆ ئیش وكارەكانی ڕێكخستن ودرێژەم بەكارەكەم دا لە كۆمیتەی كفری.

*لە 1996/5/8وە جارێكی تر كرامە سەرۆكی شارەوانی تا ساڵی 2000 دواتریش لە شوباتی هەمان ساڵدا لەلایەن یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوە بۆ جارێكی تر كاندی كرام و78%دەنگەكانیشم بەدەست هێنا.

*لە دوای ئەم هەمووكاتانە ولەبەر تەكەتولاتی ناو ی یەكێتی لە 2001/10/15لەسەر كار لابرم بە بریاری سەرۆكایەتی ئەوكاتەی هەرێم، بەڵام لە بەر ئەوەی من وەك كاك شاسوار لە خۆمەوە هەڵناكوتمە سەركەس، بۆیە نامەیەكی كراوەم ئاراستەی بەڕیز مام جلال كردوو تێدا داوای گەڕانەوەی مافی خۆم ولێكۆلینەوەشم كرد بۆ زیاتر ئاشكرا كردنی ڕاستییەكان، ئەمەش لەڕێگەی ڕۆژنامەی هەوال لە ژمارە ڕۆژی 2001/10/25، بەڵام لەبەر ئەوەی ناحەقیم لە بەرامبەردا كرابوو كەس خۆی نەكرد بە خاوەن مەسەلە تاوەڵام بدرێمەوە.

*لە بارەی ئەوەی كە سەرۆكی زیندانیەسیاسیەكانم، ڕاستدەكەیت سەرۆكی ئەو ڕێكخراوەم، بەڵام بۆ ناپرسی لە خۆت چۆن كرام بە سەرۆك بە خێری بابی تۆ یان... ، بەڵام دڵنیابە لەوەی من بەدەنگی ئەو تێكۆشەران هەلبژێردرام وكرامە بە سەرۆكی زیندانییە سیاسیەكان.

*تۆ وەك پێشتریش ئامازەم پێكرد تەنها پێشتە دروكردنە ئەوتا بێئاگایت وە دەردەكەوێت كە باس لە كۆمەڵەی ڕوناكبیری دەكەیت، ئەمەشیان بە هەڵبژاردن ودەنگی ئەوبرادەران كرام بە بەرپرسی نووسینگە، ئەونجا باس لە پارە وخواردن وبی دەنگی ئەوبرادەرانە دەكەیت ئەمەشیان نازانم چۆن ڕێگەت بە خۆتدا كە ئیشێك پەیوەندی بەتۆوە نەبێت قسەی تێدا بكەیت! یەكەم نسرییەكەمان ئەوەندە نییە تا بتوانین كری ئەنترنێت وچوار گوڵپی بە یەكجار لێبكرین دەبیت چون وبەچی شێوەیەك بەشی بكەین وبیخۆین!! ئەنجا ئەوبرادەرانەش پێشمەرگە ئاسا كاردەكەن وتوانیویانە خزمەت بەم شار ە پەراوێزە بكەن ئێوە ناتوانن خزمەتی بكەن، ئێو ئەوەی كراوە وێرانی دەكەن! لەوەتەی ئەوبرادەران كاردەكەن جێگەی پەنجەكانیان دیارەو هەستی پێدەكرێت وئیش وكارەكانیانیش جێگەی دەستخۆشییە لای هەمووان ولەهەمان كاتیشدا چەقڵێكن لە چاوی تۆ وكەسانی هاوشێوەی تۆدا.. نامەوێت زیاتر بدوێم وقسەبكەم، بۆیە لە كوتایدا تەنها ماوە ئەوەبڵێم خۆتت لەبیر چووەتەوە كە جەنابت یەكێك بویت لەوانەی بەردەوام لەبەردەستمدابوویت وكاریشت بۆ دەكردم، بۆ ئەوكاتە نەتووت برا ئەمە گەندەڵییە! ئەمە ناحەقەیە!ئەمە وئەمە... هتد، تۆ بۆهەموو شتێك لەخۆتەوە تەماشا دەكەیت، ئەوتا لەخۆتەوە دەڵێت: خەڵك لە كۆمەڵەوە دوور دەكەونەوە!ئەمەیان لەسەرچی بنەمایەكە ئەم قسانە دەكەیت؟ تۆ

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆت سەرکێش وجنێوفرۆش ودوو ڕوویت بۆیە لەهیچ جێگەیەکدا جێگات نابێتەوە، ئەڵێ"پارەی گیرفانی قومارچیت"هەڕۆژەو لە گیرفانی کەسێکی قومارچیدای، ماوە تەنها داوای لێبوردن لە ئەو خۆینە ڕۆشنبیرانە بکەم لە شیوەی نووسینی بابەتەکەم، چونکی ئەم برادەرە ناچاری کردم واقسە بکەم، قسەیەکی پێشیانە هەیە دەڵێت: ناچاری سەرت دەکات بەماڵی دوژمندا، ئەو برادەرەیش دڵنیادەکەمەوە کە بەهیچ جۆرێك لە داهاتوودا وەڵامی نادەمەوە وهیچی بۆ نانووسم، لەبەر ئەوە ئەو هیشتا نەگەیشتووە وپێویستی بەکات زیاترە وناکری منیش کاتەکانم بە شتی لەو بابەتەوە بەهەدر بدەم، تەنها ئەوە نەبیت دەڵێم"دەریا بەدەمی سەگ گڵاو نابێت"

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.